**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٠

سالّی/٢٠٠٢ ـ بەرگی سی

---

چاپی یەکەم ٢٠٠٢

# پێڕست :


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٣/٢٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٦ ل١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٧ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ـ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٣ ل٦٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ـ پێنج شەممە ٢٠٠٢/٤/٤ ل٨٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/٩ ل ١٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٤/١٠ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ـ یەک شەممە ٢٠٠٢/٤/١٤ ل١٨٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ـ دوو شەممە ٢٠٠٢/٤/١٥ ل٢٢٠

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/١٦ ل٢٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٢ ل٣٢٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ـ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٤ ل٣٤٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٩ ل٤١٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٥/٦ ل٤٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٧ ل٥٢٠

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ماعرضه وزير الثقافة ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢

المادة الاولى:

فك ارتباط المكتبات العامة التابعة للادارات المحلية في الاقليم وجميع موظفيها من وزارة الداخلية والحاقها بوزارة الثقافة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزكەنەوە، كاك ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەوانەیە پەیوەندی پرتوكخانە پتر لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بێتن نەک ئیدارە محەلی، گرینگ ئەوەیە كە ئیهتمام پێ بێتە دان و كە هاوكار بن بۆ وێ هەندێ جا تابعی وەزارەتە ڕۆشنبیری بێتن وابزانم عیلاقەت پتر دەهەبیتن و لەوانەیە زیاتر ئیحتمال هەبێت ئەو بەرهەمەی نوێ دەربكەوێت و بگەینێ چونكە ئێمە گەلێک پەرتوكخانەی گشتیمان بینی گەلێک گلەییان هەبووە و گازەندە هەبووە ئیحتماله هەنوكە ڕۆژنامە نەگەن یان هەشە چوار جاران دەیگەنێ حەفتانە دێنە خرەكردن، لەوانەیە ئیستفادەی بۆ خەڵكانێک تێدا نەبێت بەڵكو عیلاقەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ كتێبخانان ئێستا عیلاقەتێكی زیاتر بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشتگری ئەو تێبینیە دەكەم كە وەكو كاک ڕەجەب فەرمووی ئیهتمام پێ بدرێت، بەڵام من تێبینیەكم لەسەر پرۆژەكە بە گشتی هەیە ئەرێ ئەڤ هەندە توقیعانە لەسەر ئەم پرۆژەیە هەیە بۆ چییە، بۆ باوەر پێكردنە بۆ دێتنە بۆچییە بەراستی شتێكی غەریبە ئێستا ئێمە وەكو پەرلەمان یەكەم مەشروع هەندە ئیمزایە تێدایە حەفت ئیمزایە نازانم مەسەلە چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك جەمیل عەبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر جار موەزەفی دائیرەیەكیش نقل دەكات بۆ دائیرەیەكی تر دەكات مانای لە وەزارەتێك بۆ وەزارەتێكی تر، لەوێ دەرەجەی بەرێوبەرە لە وەزارەتی ناوخۆ دەچێتە وەزارەتی رۆشنبیری بەڵام پلەكەی ناداتێ، یان تێبینەرە لە وەزارەتی ناوخۆ دەچێتە وەزارەتی پەروەردە پلەكەی نادەنێ لەبەر ئەوە تا رون بێتێ ئەم لكاندنی كتێبخانەكان و هەموو فەرمانبەرەكانی لەگەڵ پلەكانیان، لەگەڵ پلەكانی خۆیان هەموویان لە میلاكاتی وەزارەتی ناوخۆ بگوازرێنەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری لەبەر ئەوە پێشنیاری لێژنەی دارایی و ئابوری ئەوەیە لە كۆتایی ماددەی یەكەم ئەمە زیاد بكرێتێ (مع درجاتهم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە چاكی دەزانم كە (أسباب موجبة) هەبایە بۆ ئەم بابەتە، ئەگەر پێوەشی نەبێتێ لێژنە بۆمان شەرح بكات سەبەبی چییە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە هەموو ئەسبابی موجەبەیە، بەڕێز كاك ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ چەخت كردن لەسەر ئەو پرۆژەیە رێ بفەرموون ئەم رون كردنەوەیە بخەمە خزمەتتان كاتی خۆی كە لە سەرەتای پەنجاكاناوە كتێبخانە گشتیەكان بەشێوەیەكی رەسمی دانران، لەو كاتە وەزارەتی رۆشنبیری نەبوو بەڵكو بەرێوبەریەكی گشتی هەبوو ئەم بەرێوبەرایەتییە بەناوی بەرێوبەرایەتی گشتی پروپاگەندە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بوو وتا پەنجاوهەشتیش هەر بەم شێوەیە رۆیی دەنا چ پەیوەندیەكی نییە بۆیە دروستە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری بێت ئەوە هۆی سەرەكییە بۆ ئەم بابەتە، لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵامی لێژنەی یاسایی تاكایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی دارایی پێشنیارێکی باشە بەراستی (جمیع موظفیها مع درجاتهم) بۆ ئەوەی میلاکاتیشیان بەتەواوی نەقل بێت پارەکانیشیان هەموو بگوێزرێتەوە وەزارەتی نوێ لە میزانیەی ئەوان نەمێنێت، شتێکی خراپ نییە مەعقولە بۆ رونکردنەوەیە، بەڵام ئەو ناوانە دیوانی تەدوینی قانونییە بەراستی قەت ئەو مەشروعە مەفروز نییە بەو شکڵەی بێتە ئێرە بەڵام وا دیارە ئەوان ئەوها ناردیتیانە ئەنجومەنی وەزیران ئەوانیش ئیستنساخیان کردووەو ناردیتیان، دەنا ئەوانە دیوانی تەدوینی قانونییە پرۆژەکەیان دروست کردووە پرۆژەکەی حکومەتی ئەوانە دروستایان کردیە بەئیعتبار تەدوینی قانونینە، حەق نەبوو بنێرنە ئێرە بەڵام ئەوە هاتووە ئەمەش ئەوە ناوەکان دەخوێنینەوە هەندێکیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ دیارە تێبینی تر نییە ماددەی یەک دەخەینە دەنگ دانەوە، تکایە ماددەکە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الاولى:

فك ارتباط المكتبات العامة التابعة للادارات المحلية في الاقليم وجميع موظفيها مع درجاتهم من وزارة الداخلية والحاقها بوزارة الثقافة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی یەکەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

تؤول ممتلكات المكتبات المذكورة و أموالها و موجوداتها الى وزارة الثقافة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم بڕگەیە بکرێت بەو شێوەیە (تؤول الاموال المنقولة وغير المنقولة الى وزارة الثقافة)

ئەگەر بەم شێوەیە بێت زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەعید دەڵێین عەجەبە مەنقولە و غیر مەنقولە مومتەلەکات نینە، هەردووکیان مومتەلەکاتن مەنقولەو غیر مەنقولە هەمووی هەر مومتەلەکاتە هی کتێبخانە گشتیەکانە، لەوانەیە ئەوە هەندێ گشتی بێ ئەو مومتەلەکاتە، مەنقولەو غیر مەنقولە هەمووی هەر مەوجوداتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە و دەیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

تؤول ممتلكات المكتبات المذكورة و أموالها و موجوداتها الى وزارة الثقافة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی ماددەی دووەم پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی دووەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ دیارە نییە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی سێیەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تێبینی نییە ئەیخەینە دەنگ دانەوە تکا لەو ئەندامە

بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی چوارەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنچەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی پێنجەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی پێنچەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا،هەموو یاساکە ئەخەینە دەنگ دانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە یاساکە بەگشتی پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانەی دەکەم کە یاساکە بەگشتی پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ببورن ئێمە داوامان کرد ئەمڕۆ کۆبونەوە بکەن و لیژنەکان سەرۆک و ئەندامان هەڵبژێرن بەڵام ئیشکالێکی فەنیمان هەیە هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان ناویان لە یەک لیژنە هاتووە هەندێکشیان لە هیچ لیژنەیەک ناویان نەهاتووە لەبەر ئەوە ئەمڕۆ ئەگەر دوای دانیشتنەکە ئەو ئەندامە بەڕێزانە بێن لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان ئیتفاق بکەن دوای ئەوە دەتوانین لەدانیشتنی بەیانی ئیزافەیان بکەینە سەر لیژنەکان و پاش دانیشتنی بەیانی کۆبونەوەی هەڵبژاردن بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش مەحروم نەبن لە دەنگ دان و خۆ هەڵبژاردن، خاڵی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان، کە لەلایان ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیارکراوە. بەنیسبەت خاڵی چوارەمەوە لیژنەی دارایی تێبینیەکی هەیە پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داخازێ ڤێ تەعدیلێ هەموو بنوودێ مالینە ئیمە دوو تێبینی خۆمان کردووە وەکو لیژنەی دارایی و ئابوری ئێمە گەلێک پێشنیارمان لەسەر هەیە لەبەر ئەوەی ئێمە هێشتا ڕاپۆرتی خۆمان پێشکەشی جەنابت نەکردووە بۆیە ئێمە داوامان وایە ئەم برگەیە تەئجیل بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی؟ تێبینی نییە ئەیخەمە دەنگ دانەوە ئێمەش لەراستیدا پەسەندی ئەکەین، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کەئەوە پەسەند دەکەن خاڵی